

# لە پەراوێزی بێباکی دەسەڵاتی کوردیدا
# مارشێك بۆ گەورەیی قەڵادزێ

خالید قادر_رانیە هێڤار
Hevar_1@yahoo.com

ئەمساڵ و پێش یادی کارەساتە خوێناویەکەی (١٩٧٤/٤/٢٤)ی شاری قەڵادزێ، سرودێك بە ناوی ( مارشێك بۆ قەڵادزێ)بڵاو کرایەوە، کە لە هۆنراوەی برای شاعیر ( حەمید قەڵادزەیی ) و ئاواز و دەرهێنانی ( ئومێد میرە ) بوو .

(مارشێك بۆ قەڵادزێ)، یەکێکە لەو کارە جوانانەی کە شایەنی دەست خۆشی و رێز گرتنە، چونکە چەندە برای هونەرمەند ( ئومید میرە ) کارێکی جوان و ناوازەی لە دەرهێنان و ئاوازەکەیدا کردوە، هێندەش زیاتر هۆنراوەکەی (حەمید قەڵادزەیی)شاعیر، سەرنج رادەکێشێت، کە بە زمانێکی پارا وو جوان، لە مێژوو و گەورەیی ئەو شارە دەدوێت، توانیویانە پێکەوە، بە ماندوبونێکی زۆر و لەسەر ئەرکی خۆیان، بێ ئەوەی هیچ هاوکاریەك کرابن ! مارشێکی جوان بۆ مێژوو خەبات و قوربانیەکانی شاری قەڵادزێ دابرێژن ، بەدەنگێکی رەسەن و شێوە و شێوازێکی جوان و سەرنج راکێش، بەشێك لە گەورەیی ئەو شارە دەردەخەن و دەکرێت وەك ناسنامە و سرودێکی تایبەت لێی بروانرێت کە شاری قەڵادزێی پێ بناسرێتەوە .

ئەم سروودە، کە پێم وایە یەکەم کاری لەو شێوەیەیە بۆ ئەو شارە خۆشەویستە ئەنجام درابێت، چەندە خەمی نوسەر و هونەرمەندانی ئەو ناوچەیەمان بۆ دەربخات، کە بە پەرۆشی کاری جوان و بەرهەمی ناوازە و داهێن ئامێزن، دەیانەوێت ئەگەر لە دەلاقەیەکی بچوکیشەوە بێت، سەربازی وونی کارکردن و خزمەت کردن بن، هێندەش زیاتر خەمێکی گەورەمان بۆ دەردەخات، کە بەداخەوە تا ئێستاش لە کۆمەڵگای کوردیدا بە گشتی و لە ناو پلانی دەوڵەت و بەرنامەی دەسەڵاتی سیاسیدا بە تایبەتی ، هونەرمەندو رۆشنبیران پەراوێز خراون و کاری هونەری و رۆشنبیریش بە فلتەری حیزب و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی لایەنێکی دیاریکراوەوە دەبەسترێتەوە و وەك کاڵای ناو بازار لێی دەڕوانرێت لە دەرەوەی ئەوەشدا، مانایەك نیە بۆ هاندان و گەشەکردن، زەمینەیەك نیە بۆ هاوکاری و پشتگیری کردن .

لە کۆمەڵگای ئێمەدا، مێژووی رووداوەکانمان ، چیرۆکی نەهامەتی و کارەسات و ماڵوێرانی و سوتماك کردنی کۆمەڵگاکەمان، بیر دەچنەوە و تەنها لە رێکەوتی رودانیاندا، بیر دێنەوە و باس دەکرێن، چونکە کەلتووری بێباکی و بیرچوونەوە ، شۆر بۆتەوە بۆ ناو ژیانی کۆمەلأیەتی و سیاسی و ئابوریمان . لە بری ئەوەی خوێندنەوەی بەردەوامان بۆ باگراوەندی رووداوەکان هەبێت و کار لە مێژووی کۆمەڵگاکەمان بکەین بەو ئاراستەیەی کە گەشە بکات و لە ئەزموونە تاڵ و شیرینەکانی رابردووەوە سوودوەرگرین و هەوڵ بدەین ئێستایەکی باش فەراهەم بێنین، بەڵام بەداخەوە وەك ئەو پەندانەی کە دەلێت: نان ئەو نانە ئەورۆ لە خوانە . یان ئۆخەی ئۆخەی هەر بۆ خۆی .

مێژوو لە لای ئێمە چاوەروانی کردنی قەدەرێکە کە کەس خۆی بە خاوەنی نازانێت، کەس لێناپرسێت ، لە کاتێکدا کار کردن لە مێژوودا و کارکردنە وەك ئەوەی رووداوو دیارەکان لێتیان دەوێ ، نەك وەك ئەوەی خۆت بۆ بەرژەوەندی خۆت چۆن دەتهەوێت .

قەڵادزێ دەکرێت نمونەیەکی دیاری پەرێزی دەسەڵاتی کوردی بێت، کە تا هەنوکەش شارێك لە چاوەروانی گۆدۆدا دەهێڵێتەوە، بەڵام بۆ دابین کردنی سەیارە و تەلاری بەرزی بەرپرسەکان و تەندەری ئەو کۆمپانیایانەی کە شەریکی مەسئولەکانن، بۆ نەسریەی رێکخراوە گەندەڵەکان و دیوەخانانە و مووچەی تایبەتی ئاغا و کوێخا و کۆنە بەعسیەکان، بە پێچەوانەوەیە

دەکرێت نمونەیەکی باشی بەراوردکاری بێت لە نێوان دەسەڵاتێك، کە لە خزمانە و عەقلێکی خێڵەکیانەو برابەشیەوە، حەوت ملیارد دۆلار تەخشان و پەخشان دەکات، ئاگایان لە حساباتی دەعوەتی ئێواران و پاکەتی رۆزمەن سپێشەڵ و بەنزینی مۆنیکاکان و خزم خزمێنە و وەلائی ئەو شار بۆ ئەو شار هەیە ، بەڵام بیری نیە کە حەشامەتێك لە گەنج و پیر و منداڵی شارێکی لە بێنەوایی و بێشوێنی و بێ کارەبایی و بێ ئاویی هێشتوتەوە!

لە سۆنگەی ئەو سرودەوە دەکرێت هاواری ئەو شارو شارۆچکە و گوندانە ببیستین کە پەراوێز خراون و لە زۆربەی پرۆژە خزمەت گوزاریەکاندا بێبەشن . کەچی ساڵانە و لە کات و بۆنەی جیاوازدا ، چەندین هوتاف و بەڵێنی درۆ ئامێزیان پێدەدرێت، دواتریش بیر دەچنەوە و کەس لێیان ناپرسێتەوە .

ئەو شارو شارۆچکانەی، کە خاوەنی چەندان بەهرە و توانای باشی ئەدەبی و هونەری و رۆشنبیرین، بەڵام لە بێ نەوایی و بێ پەساری خۆیاندا دەناڵێنن .سەرباری هێندەش نمونەی ئەو کارە جوانانە دەبینرێن، کە مرۆڤ دەخاتە ئیستێکەوە .....